# بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد و ڕەنگدانەوەی لە گۆڤاری پێشەنگ دا (1982 – 1991) توێژینەوەیەکی مێژووییە

**ID No. 3725**

(PP 137 - 152)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.2.9

**ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Ahmad.ameen@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2020/08/20**

**پەسندکردن : 2021/03/01**

**بڵاوکردنەوە : 2021/03/10**

**پوختە**

گۆڤاری پێشەنگ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1982- 1991) وەك گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و سیاسی لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان (21) ژمارەی لێدەرچووێندراوە. ناوەڕۆکی بابەتەکانی نێو گۆڤارەکە بە تایبەتی ئەوانەی لە بارەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد نووسراون، شایەنی ئەوەن توێژینەوەیان لە بارەوە بکرێت، لەبەر ئەوەی لە نێو بابەتەکاندا، هەم دیدی گۆڤارەکە بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ئاماژەی بۆ کراوە، هەمیش مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لای لێکراوەتەوە. بەمەش دەتوانرێت بوترێت بابەت گەلێکی زۆر لە نێو گۆڤارەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. لەم توێژینەوەیەشدا هەوڵدراوە لە چوار تەوەرەدا، ئاماژە بە ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بکرێت لە نێو گۆڤارەکەدا، دواتریش ئاماژە بە ئەنجامگیری توێژینەوەکە دەکرێت، کە توێژەر لە دووتوێ توێژینەوەکەی پێیگەیشتوون.

**وشە سەرەکییەکان:** بزووتنەوە، ڕزگاریخواز، نەتەوە، کورد، پێشەنگ.

## پێشەکی:

**گرنگی توێژینەوە**: لە دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان ساڵی 1976، تێکڕایی پارتە سیاسییە کوردییەکان لە تەك خەباتی سیاسی و چەکداری، گرنگ و بایەخیان بە خەباتی ڕۆژنامەوانیداوە، لەو چوارچێوەیەشدا پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان لە دوای دامەزراندنی لە 26ی تەمموزی 1981، لەژێر سەرپەرشتی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەی گەل و گۆڤاری پێشەنگی دەرچواندووە. ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤاری پێشەنگ بە تایبەتی ئەوانی لە بارەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد و بارودۆخی ئەو سەردەمی کوردستان نووسراون، بابەتی گرنگ و پڕ بایەخن. لەو سۆنگەیەوە لەبەر نەبوونی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆ لەسەر گۆڤارەکە و ناوەڕۆکەی، ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە پێویست زانرا.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە**: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و چوار تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا، کورتەیەك لە بارەی گۆڤاری پێشەنگ نووسراوە، بەمەش تیشکخراوەتە سەر سەرپەرشتیارانی، شوێنی دەرچوون، زمان، ژمارە، نرخ و ئامانجی گۆڤارەکە. لە تەوەری دووەمدا، دیدی گۆڤاری پێشەنگ بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ئاماژەی بۆ کراوە. لە تەوەری سێیەمیشدا، ئاماژە بەو بابەتانە کراوە، کە لە گۆڤاری پێشەنگدا لە بارەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد نووسراون. لە تەوەری چوارەمدا: باسی بارودۆخی ئەو سەردەمی کوردستان لەژێر ڕۆشنای بابەتەکانی گۆڤاری پێشەنگ دەکرێت. ئەنجام: ئاماژە بەو خاڵانە کراون، کە توێژەر لە دووتوێی توێژینەوەکە پێی گەیشتوون.

**ڕێبازی توێژینەوە**: بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش و زانستی، توێژەر هەردوو ڕێبازی ڕاگواستن و شیکاری مێژوویی لە توێژینەوەکەدا بەکارهێناوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە**: دیارە سەرچاوەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە ژمارەکانی گۆڤاری پێشەنگ، کە تێکڕایان بەسەر یەکەوە (21) ژمارەن، لێرەشدا لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو بابەت لە گۆڤارەکەدا هەن، بۆیە لە پەراوێزەکان زۆرجار

دووبارە دەبنەوە. ئەوە سەرباری ژمارەیەك سەرچاوەی دیکە، کە بە پێی پێویستی توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە و لە ڕیزبەندی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.

ئەم توێژینەوەیە ئاوردانەوەیەکە لە مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە گۆڤارێکی دیاریکراودا، بۆیە دەتوانرێت بوترێت کارێکی نوێیە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کون و کەلێنی تێدا نییە، بۆیە دەکرێت بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیر بکرێت و توێژەر لە کون و کەلێنەکان ئاگادار بکرێتەوە.

## 1. کورتەیەك دەربارەی گۆڤاری پێشەنگ.

لە دوای دامەزراندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان لە 26ی تەممووزی 1981[(1)]، مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن، کە لە لایەن محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە سامی عەبدولڕەحمان (1932-2004) سکرتێری گشتی پارتی گەل سەرپەرشتی دەکرا، بڕیار لە دەرچوواندنی گۆڤاری پێشەنگ دەدرێت، ئیدی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری پێشەنگ لە ئەیلولی 1982 وەك گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری دەردەچێت (لەپێناوی ...، 1982، ل1).

دەستەی نووسەرانی پێشەنگ ناوەکانیان لەسەر گۆڤارەکە نەنووسراوە، بەڵام لە ڕاستیدا عوسمان گۆرون[(2)] وەك سەرپەرشتیاری بەشی شێوەزاری سۆرانی و بیستون بەرواری[(3)] وەك سەرپەرشتیاری بەشی کرمانجی بە هاوکاری هەر یەك لە: فوئاد عەبدولڕەحمان عومەر[(4)] و ئاسۆس جەمال قادر بەڕێوەیان بردووە. بەمەش بەم شێوەیە بەردەوامبووە تا ساڵی 1987، لەو ساڵەشدا بەهۆی ئەوەی عوسمان گۆرون سەفەری دەرەوەی وڵات دەکات سەرپەرشتیاری بەشی شێوەزاری سۆرانی دەسپێردێت بە ڕێکار ئەحمەد[(5)]، بەمەش ناوبراو بەشێکی باشی کارەکانی گۆڤارەکە بە هاوکاری هەڵمەت حەمید لە کوردستان ئەنجام دەدات و دواتر بۆ چاپکردن ڕەوانەی دیمەشقی دەکات (ئەحمەد، 5ی نیسانی 2020).

بارەگای سەرەکی گۆڤاری پێشەنگ، لە نێو بارەگای مەکتەبی ناوەندی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان لە دیمەشق بووە. بابەتەکانی گۆڤارەکە بە تایپێکی سادە تایپکراوە، دواتریش نەخشەسازی بەرگ و وێنەی بۆ هەڵبژێدراوە، ئینجا لە چاپخانەکانی دیمەشق چاپکراون (گۆرون، 2ی نیسانی 2020؛ بەرواری، 20ی مارتی 2020؛ عومەر، 2ی نیسانی 2020). کەواتە تێکڕایی ژمارەکانی گۆڤاری پێشەنگ، کە (21) ژمارەیە، تەنیا ژمارە (21)ی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لە کوردستان چاپکراوە و ئاماژە بۆ نووسینگەی گۆڤاری پێشەنگ لە شەقڵاوە کراوە[(6)].

گۆڤاری پێشەنگ لە ژمارە (1)دا تەنیا شێوەزاری سۆرانی بەکارهێنراوە، بەڵام لە ژمارە (2) تا ژمارە (20) شێوەزاری کرمانجی بۆ زیادکراوە و بابەتەکانیشی بە پیتی لاتینی نووسراون. پاشان لە ژمارە (21)دا پیتی لاتینی لە گۆڤارەکە هەڵگیراوە (دەستەی نووسەران، 1991، ل4).

لە ڕاستیدا، گۆڤاری پێشەنگ وەك گۆڤارێکی وەرزی دەبوو هەر سێ مانگ جارێك دەرچووبوایە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی، کە ڕووبەرووی گۆڤارەکە بوونەتەوە وایکردووە بە پچڕ پچڕی دەربچێت[(7)]. بەمەش دەرفەتی دەرچوونی ژمارەی کەمی هەبووە.

شایەنی باسە، تیراژی گۆڤارەکە لەسەر تەواوی ژمارەکان نەنووسراوە، تەنیا لەسەر ژمارە (6) نەبێت، نووسراوە دوو هەزار دانە لە چاپ دراوە، بەڵام بە پێی وتەی سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە بێت تیراژی گۆڤارەکە لە نێوان (1500 تا 3000) دانەی لێ چاپکراوە (گۆرون، 2ی نیسانی 2020؛ بەرواری، 20ی مارتی 2020).

هەرچی تایبەتدارە بە نرخی گۆڤارەکە ئەوە لە ژمارە (1)دا نرخی (250) فلس بووە، لە ژمارە (9) بۆتە (500) فلس، دواتریش لە ژمارە (13-14) کە ژمارەی جمکی گۆڤارەکەیە دەبێتە (750) فلس. لە ژمارە (15) نرخی (1) دیناری لەسەر نووسراوە، ئەو نرخەش بەردەوام دەبێت تا دوا ژمارە، لە دوا ژمارەشدا، کە ژمارە (21)ە، نرخەکەی دەبێتە (2) دینار، بەڵام ئەو نرخە بۆ وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا جیاواز بووە، وەك ئەوەی لەسەر ژمارە (16) نرخی یەك دۆلار نووسراوە، لە ژمارە (19) بووە بە دوو دۆلار.

قەبارەی گۆڤاری پێشەنگ (28×20سم) بووە و لە نێو بەرگێکی ئاسایی چاپکراوە، زۆر جار جگە لە ناوی گۆڤارەکە و ژمارە و مێژووی دەرچوون، چەند وێنەیەك، یاخود تابلۆیەك لەسەر بەرگی پێشەوە و دواوە دانراون. وەك ئاماژەمان بۆ کرد، گۆڤارەکە بەسەر یەکەوە (21) ژمارەی لێدەرچووە، ئەنجام تێکڕای لاپەڕەکانی هەر بیست و یەك ژمارەکە (1238) لاپەڕەن.

گۆڤاری پێشەنگ لە یەکەمین ژمارەیدا لە بارەی گرنگی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن، ئاماژەی بە ڕۆڵی گرنگی ڕاگەیاند لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان کردووە، بەهۆیەوەشەوە لە ئامانجی خۆیدا نووسیویەتی: "لەگەڵ دەرچوونی ژمارەی یەکەمی پێشەنگ

دەمانەوێ لێی، گۆڤاری ڕامیاری و بیر بێت پێش هەموو شتێ، بەڵام دەرگا بۆ ئەدەب و هونەری شۆڕشگێڕانەش دەکەینەوە، جێگای گونجاوی خۆیانی تیا وەرگرن شتێکی ئاساییشە کە کاروباری کوردستان و عێراق کەلێنێکی گەورەی گۆڤارەکەمان داگیر بکات"، پاشان نووسیویەتی:" پێشەنگ بە ڕێبازێکی ئومەمییانە و بە پەیڕەوێکی پێشکەوتنخوازانە دێتە کۆڕی خەباتەوە بە بڵاوکردنەوەی بیری نوێخوازی و سۆشیالیستخوازی شۆڕشگێڕانە و دژایەتی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی دەکات، هەروەها لە بۆ پێناسینی خوێنەری کورد بە مەسەلەی خەباتی گەلان بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانیان ..." (لەپێناوی...، 1982، ل1).

**2. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە دیدی گۆڤاری پێشەنگ دا**

بە دیدی گۆڤاری پێشەنگ، بۆ تێگەیشتن لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، پێویستیمان بە تێگەیشتن لە جۆر و مێژوویی ململانێیەکە هەیە، چونکە بریتییە لە ململانێی نێوان گەل و دەسەڵاتە چەوسێنەرەکان، هەر ئەوەش وایکردووە لە زۆرێك لە ناوچەکانی کوردستان ڕاپەڕین و شۆڕش هەبێت، هەندێك لە وانە درێژەیان کێشاوە و هەندێکیشیان کورت خایەن بوون و سەرکوت کراون. جا بۆ ئەوەی لە بنەما ماتریالییەکانی ئەو شێوازە لە ململانێیە تێبگەین، یەکەم خاڵی، کە دێتە مێشکی مرۆڤەوە بوونی گەلێکی ئازادی خاوەن نەریتی شۆڕشگێڕی خاوەن چیای سەرکەشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زنجیرە لە بزووتنەوەیە شێوازی سەرەتایی و عەشایەری و هاوچەرخی تێدا هەبووە، بۆیە تا ئێستاکە سەرکەوتوو نەبووە و ئامانجەکانی بەدی نەهێنانەوە، لێرەشدا پێشەنگ نووسیویەتی ئەگەر بمانەوێت سەرکەوتوو بین، ئەوە دەبێت خاڵە لاوازەکانی بدۆزینەوە و دیارییان بکەین (لە کەلەپووری شۆڕشگێڕی...، 1985، ل22).

ئاشکرایە گۆڤاری پێشەنگ، لە قۆناغێکدا دەرچووە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامبووە، بەمەش بە پێی قۆناغەکە دید و تێروانی خۆی نووسیوە. سەرەتای بە دیدی گۆڤاری پێشەنگ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لەو قۆناغەدا تووشی گرفت هاتووە، لەبەر ئەوەی لە دوای نسکۆی ساڵی 1975 بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ناوەڕۆکێکی چینایەتی وەرگرتووە، بۆرژوای هێزە دەسەڵاتدارەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی، سەرکردایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە دەستداوە و لە ناوخۆیدا بۆتە چەند بەشێك، بەمەش لە لایەنی ماددی و فیکرییەوە لە توانایاندا نییە سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو دروست بکەن. لە بەرانبەریشدا ئەو بەشەی، کە پێیوایە سەرکردایەتی ڕاستەقینەی بەرژەوەندی ڕەنجدەران و پێشکەوتخوازانە، تەواو خۆی نەگرتووە و توانای ئەنجامدانی هەموو کارێکی نییە و ناتوانێت سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو و پێشڕەو دروست بکات. بۆیە بۆ ئەوەی بەسەر ناکۆکییەکان زاڵ بن دەبێت هێزەکان قوربانی بدەن، بێ ئەوەی لە دروشمە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانیان دوور بکەونەوە (سڵاو لە پارتی ...، 1983، ل ل 1-3).

گۆڤاری پێشەنگ ناکۆکی و دەمارگیری لە نێوان پارتەکان بە کێشەی سەرەکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد نابینێت، بەڵکو بەلای ئەو کێشەی سەرەکی، کێشەی نیشتمان و یەکگرتن و ئازادی بوونە، کە کەمترین باسی لێوە دەکرێت. بۆیە بە سەرسورمانەوە باس لە هەندێك هێز و سەرکردەکان دەکات، کە ڕەوایەتی بە شەڕی ناوخۆ دەدەن و بۆ ئەو مەبەستەش پەنا بۆ بەڵگەی فەلسەفی دەبن و جێگۆڕکێ بە شوێنی ناکۆکییەکان دەکەن. لەو سۆنگەیەوە گۆڤاری پێشەنگ گێڕانەوەی پیرۆزی بۆ کێشەی گەل و نیشتمان بە ئەرکی سەرشانی هەموو پارت و هێز و کەسایەتییە نیشتمانی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەزانێت و پێی وایە نابێت گەل لێی دابنیشێت و چاوەڕوانی بەزەیی سەرکردەکان بکات، بەڵکو دەبێت پاڵەپەستۆیان بخاتە سەر (پێویستە خەبات ...، 1985، ل ل 4-6). لە لایەکی دیکە ئەو تێڕوانینە وادەکات ڕوو دەمی بکاتە هێزە کوردییەکان و داوایان لێ بکات لولەی تفەنگەکانیان یەك بخەن و ڕووە و سینگی فاشیزم ڕای بگرن، چونکە بە دیدی گۆڤارەی پێشەنگ شەڕی برای کوژی، کە لەو قۆناغەدا لە نێوان هێزە کوردییەکان بوونی هەبووە، لە قازانجی هیچ لایەنێکدا نییە و کەسییان ناتوانێت ئەوەی تریان لەسەر گۆڕەپانی خەباتکردن ڕەش بکاتەوە (چالاکییەکانی پارتیمان لە ناوەوە ...، 1982، ل2).

یەکێك لە گرفتەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە دیدی گۆڤاری پێشەنگ لەو قۆناغەدا، گرفتی دبلۆماسییە، کە بەو هۆیەوە نەتوانراوە کێشەی کورد وەك کێشەیەکی نێودەوڵەتی بناسێنرێت، ئەوەشی گێڕاوەتەوە بۆ چەند هۆکاری ناوخۆ و هۆکاری دەرەکی. لە هۆکارە ناوخۆییەکان ئاماژەی بە چەند خاڵێك کردووە وەك: کەمی ئەزموونی کورد و بزووتنەوەکەی لە بواری خەباتی دبلۆماسی، پێشاندانی کێشەی کورد بە کێشەی ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە، زاڵبوونی خەباتی چەکداری بەسەر تەواوی شێوەکانی دیکەی خەباتکردن، نەگونجان و لە یەکتری دووربوونی هێزەکان و یەك نەخستنی هەوڵەکانیان. هۆکارە دەرەکییەکانیش بریتین لە: شێواندنی پرسی کورد لەلایەن ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، لەگەڵ نەبوونی ویستی وڵاتانی جیهانی لەبەر پاراستی بەرژەوەندییەکانیان (دەروازەیەك ...، 1989، ل ل 4-5).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن، دروستبوونی بەرەیەکی نیشتمانی بە دیدی گۆڤاری پێشەنگ بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بە پێویست دانراوە، لەبەر ئەوەی لە چەند شوێن و قۆناغێکدا بە گرنگەوە باسیکردووە. لەو بارەیەوە کاتێك دێت باس لە چوونە ناوەوەی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بۆ ناو بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق (جود) دەکات[8]، گۆڤارەکە بە گرنگەوە وەسفی دەکات و پێیوایە دەبێت لە لایەن هێزە نیشتمانییە عێراقییەکان، شۆڕشگێڕەکانی کورد و جەماوەری گەل بە گەرمی پێشوازی لێبکرێت، تا ئەوەی ببێتە هاندەری سەرتاسەری بۆ جەماوەری عێراق بە عەرەب و کورد و کەمەنەتەوایەتییەکان، تا تێیدا چالاکی و خەباتیان لە ناوەوە و دەرەوەدا فراوان و یەك بخەن (زیاتر پتەوبوونی...، 1984، ل ل4-5). لە لایەکی دیکە بە دیدی گۆڤاری پێشەنگ بەرەی نیشتمانی ڕێگا خۆش دەکات بۆ گرێدانی کۆنگرەی گشتی کوردستان، کە پێویستییەکی گەورەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە باردۆخەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەنجام ئاسۆیەکی بەرفراوان بۆ بەرەو پێشەوەچوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەدی دێنێت و گەلی کورد بە مافەکانی خۆی دەگات (پێویستی بەرەیەکی ...، 1984، ل25).

شایەنی باسە، ساڵی 1984 لە کاتێکدا، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ رژێمی بەعسدا دەکەوێتە گفتوگۆکردن[9]، گۆڤاری پێشەنگ ڕەخنە لە هەنگاوەکە دەگرێت، چونکە پێیوایە لەو ئان و ساتەدا هەموو گەلی عێراق تینوی ئازادین، بەمەش ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە نیشتمان و پێشکەوتنخوازەکان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا خەبات بکەن لەپێناوی ئەو دروشمانەی بەرزیان کردۆتەوە، تا لە عێراقدا دیموکراتی بەرقەرا دەبێت و گەلی کوردیش بە مافە ڕەواکانی خۆیی بگات (دەنگی پێشەنگ، 1984، ل1).

لە ڕاستیدا، نزیکبوونەوەی هێزە کوردییەکان لە کۆتاییەکانی ساڵی 1986 و سەرەتای ساڵی 1987 و کۆتاییهێنان بە شەڕ یەکتری، لە لای گۆڤاری پێشەنگ بە گەورەترین دەستکەوت بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دێتە هەژمارکردن، بەمەش ئەرك و بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی سەرکردایەتی هەموو لایەنەکان تا ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە بپارێزن و پەرەی پێبدەن، لەو ڕێیەشەوە زەمینە بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی کوردستانی بهاوێژن (بەرەو یەکگرتنی ...، 1987، ل4-5).

لە لایەکی دیکەدا، لە کۆتایی هەشتاکاندا لەگەڵ گۆڕانکاری لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، گۆڤاری پێشەنگ پێیوایە لەو بارودۆخەشدا دەکرێت خەباتی چەکداری بەشێوەیەکی دیاریکراو لە باشووری کوردستان بەردەوام بێت، بە مەرجێك لە چوارچێوەی ستراتیژیەکی دیاریکراو دەرنەچێت و بەشێکی ئەو ستراتیژییەتەش شانبەشانی بەشەکانی دیکە بچێتە پێش و هەر یەکە لەو بەشانەش ئەرك و توانا و کادرێکی دیاریکراوی بۆ تەرخان بکرێت، کاتێکیش دەرفەتی شێوازی دیموکراتیانەی خەبات دێتە پێشەوە، خەباتی چەکداری لە ڕێگای گفتوگۆوە کۆتایی پێ بهێنرێت (چەند بۆچوونێك ...، 1990، ل ل4-7).

وەك ئاماژەمان بۆ کرد، دیدی گۆڤاری پێشەنگ بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بە پێی قۆناغەکان گۆڕاوە، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991، لە بارەی دانووستانی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عێراق نووسیویەتی:" **ئەو سەردەمە سەردەمی وتووێژە، سەردەمی کۆتایی ململانێی دەوڵەتان و هاودژانە، هەر بۆیە نابێت کاروانی خەباتی گەلەکەمان، بەتایبەت کاروانی وتووێژەکەی لە کاروانی وتووێژ دابڕێت، نابێ دوا بکەوێت، دیارە وتووێژیش بە مانای شێوەیەکی تازەی خەبات، نەوەك کۆتایی خەبات و تێکۆشانمان..."** (وتووێژ بەچی گەیشت!، 1991، ل5).

جێگای خۆیەتی بوترێت لە گۆڤاری پێشەنگدا، مەسەلەی ئایدەلۆژییەت بە تایبەتی ماکسیزم – لینینیزم زاڵە، لەو بارەیەوە کاتێك دێت باس لەو قۆناغەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان دەکات، مەسەلەی ئایدەلۆژییەت بەبایەخەوە باس دەکات و پێیوایە تاقیکردنەوەی ئازار و ژان، ئایدەلۆژییەت دەوڵەمەند دەکەن و بە ژیانەوە دەیلکێنن، ئەنجام کاریگەرییەکی نوێی بۆ زیاد دەکەن و لە هزری جەماوەریدا دەیچەسپێنن و هێز و گوڕێکی تازەی پێدەخشن (لە ڕاپۆرتی ...، 1982، ل29). بەمەش وای دەبینێت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە بازنەی تێوری مارکسیزم – لینینیزمدا، هەم لە قۆناغی خەباتی نەتەوەیی و هەمیش لە قۆناغی خەباتی چینایەتی دایە، لەبەر ئەوەی تا چەوسانەوە نەتەوەیی مابێت، چەوسانەوەی چینایەتیش دەمێنێت، لێرەشدا بە دیدی گۆڤاری پێشەنگ دەبێت گەلی کورد کار بۆ دەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی مەسەلە نەتەوایەتییەکە لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە گواستنەوەی بەرەو قۆناغی سۆسیالیستیدا (میللەتی کورد ...، 1983، ل ل14-18). هەر لەو چوارچێوەیەشدا گۆڤاری پێشەنگ، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی بە بەشێك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ناوچەکە هەژمار کردووە، چونکە پێیوایە گەلی کوردیش وەك گەلێکی بەشخورا و چەوساوە، ستەمی زۆری بەدەست ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستییەوە کێشاوە. لەو قۆناغەشدا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەر ئەگەرێك ببێتەوە ئەرکی

مێژوویی هەمان ئەو ئەرکەیە، کە لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلاندایە. بۆیە دەبێت لە لایەك، دژی دوژمنەکانی خەبات بکات، لە لایەکی دیکەشدا ڕاگەیاندنی فراوان لە نێو ڕای گشتی جیهانی بۆ بەدەستهێنانی مەسەلەی مافی چارەنووس بکات بە ڕاستییەکی ئەوتۆ، تا نەتوانرێت پشتگوێ بخرێت و بازی بدرێت بەسەریدا ( با تواناى هەموو...، 1983، ل 2-4؛ نەتەوەی کورد و...، 1985، ل17).

### 3. نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە گۆڤاری پێشەنگ دا.

نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، یەکێك لەو لایەنانەیە لە نێو گۆڤاری پێشەنگدا بایەخی پێدراوە. بەمەش بابەتگەلێك لە بارەی قۆناغ و ڕووداوە جیاوازەکان تێیدا نووسراون. بە تایبەتی دەربارەی هەوڵەکانی محەمەد پاشای ڕەواندزی (1813-1836)، شۆڕشی بەدرخان پاشا (1842-1846)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (1880-1881)، شۆڕشی شێخ مەحموود (1919-1931)، ڕاپەڕینی خوداوێردی (1919-1921) لە خوراسان، ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا 6ی ئەیلولی 1930 لە سلێمانی، ڕاپەڕینی دەرسیم ساڵی 1937، کۆماری کوردستان لە مەهاباد ساڵی 1946، شۆڕشی ئەیلول 1961[10].

وەلێ لە بابەتێکیشدا تیشك خراوەتە سەر ڕێککەوتننامە و پەیماننامەیە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی وەك ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ ساڵی 1916، پەیماننامەی سیڤەر ساڵی 1920، پەیماننامەی لۆزان ساڵی 1923، پەیماننامەی سەعد ئاباد ساڵی 1937، پەیماننامەی بەغدا ساڵی 1955، ڕێککەوتننامەی جەزائیر ساڵی 1975، دواتریش باسی چەندین نموونەیی سەرکوتکردن و قڕکردنی کورد لە لایەن وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان لە قۆناغە مێژووییەکاندا کراوە، وەك هێرش و سەرکورتکارییەکانی تورکیا لە ساڵانی 1925، 1929 و 1937، هێرشی حەرەس قەومی لە 9ی حوزەیرانی1963 بۆ سەر سلێمانی، هێرشکردنە سەر گوندی سەروچاوەی نزیك سلێمانی لە بەهاری ساڵی 1966، پەلاماردانی ناوچەکانی شێخان لە ئابی 1969، تۆپبارانکردنی قەڵادزی لە 24ی نیسانی 1974، چوونە ناوەوەی سوپای عێراق لە 30ی نیسانی 1974 بۆ ناو شاری زاخۆ (حمو، 1983، ل 12-16).

وەك دەبینرێت، لە گۆڤاری پێشەنگدا بایەخی  بە نووسینەوەی مێژووی خەباتی گەلی کورد لە ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانیش دراوە. بەمەش لە ژمارەیەك بابەتدا تیشکخراوەتە سەر ئەو خەبات و تێکۆشانەی، کە لەپێناوی پاراستن و مانەوەی کلتووری نەتەوەیی گەلی کورد، کە لە چەند ناوچەیەکی جیاواز، ئەنجامدراون[11].

لە لایەکی دیکە لە گۆڤاری پێشەنگدا بایەخ بە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەك وتار و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دراوە، کە لەژێر ناونیشانی جیاوازدا نووسراون وەك: مەسەلەی کورد، کارەساتی کوردستان، بە بۆنەی هەشتا ساڵەی تەمەنی عوسمانی سەبری (1905-1994)، دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت (1869-1932)، کورد و مەسەلەی کورد لە زانستی مێژوو لە تورکیا، ئایدۆلۆژیای بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی کوردی هاوچەرخ، خەبات و ژیانی ژنی کورد لە قۆناغە مێژووییەکان و کوردستان مێژوویێکی بێ جوگرافیا، نووسراون[12].

شایەنی باسە، لە گۆڤاری پێشەنگدا زەمینە بۆ بڵاوکردنەوەی یادداشت و یادەوەری مێژوویی ڕەخسێندراوە، لەو چوارچێوەیەشدا یەکێکی وەك نووری شاوەیس (1922-1983) بیرەوەرییەکانی خۆی تێدا بڵاوکردۆتەوە[13]، هەروەها ژمارەیەك پێشمەرگەش یادداشتی ڕۆژانەی پێشمەرگایەتی خۆیان تێدا نووسیوە، ئەوە سەرباری ئەوەی هەندێك زیندانی لە دووتوێ نامەدا ژیانی زیندان و دواساتەکانی ژیانی خۆیان ناردووە و بۆیان بڵاوکراتەوە[14].

مێژووی زارەکی لە گۆڤاری پێشەنگدا گرنگ و بایەخی پێدراوە، لەو چوارچێوەیەشدا دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی کراوە، بەمەش تیشك خراوەتە سەر باسێك لە باسەکانی مێژوو و تێکۆشانیان لە وانە: کەمال بورکای سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، هەڤاڵ سەرهەد سکرتێری گشتی پارتی پێشەنگی کرێکاری کوردستان، عوسمان سەبری، شڤان پەروەر، ئەحمەد ڕێباز سکرتێری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان، کەریمی حوسامی، هەژاری موکریانی، میخائیل لازارێڤ، دڵزاری شاعیر، کەندال نەزان، موحسین کەتانی، شێخ تەها مائی، کەلیموڵلا تەوەحودی و لیاقات سەردارخانی کورد کەسایەتی دیاری پاکستان[15].

لە گۆڤاری پێشەنگدا، گرنگی و بایەخ بە بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو بەیاننامانە دراون، کە لە لایەن هێزە و پارتەکان بە بۆنەی جیاوازەوە دەرکراون، ئەوانە دەکرێت هەموو وەك بەڵگەنامەی مێژوویی تایبەت بەو قۆناغە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد سوودیان لێوەربگرێت لە وانە: بەیاننامەی هێزە نیشتمانییەکان لە دوای کۆبوونەوەی نۆزدە پارت و کۆمەڵەی ڕێکخراوی نیشتمانی عێراق لە 6ی شوباتی 1983 لە تەرابلوس، بەیاننامەی هاوبەشی یانزە پارتی کوردی بە بۆنەی ساڵی نوێ 1986، بەیاننامەی پارتە کوردستانییەکان دەربارەی دەست درێژییەکی تورکیا ساڵی 1986، ڕاگەیاندنی هاوبەشی ڕێککەوتنی دوو قۆڵی نێوان یەکێتی

نیشتمانی کوردستان و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان شوباتی 1987، بەیاننامەی تەبایی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان 8ی شوباتی 1987، بەیانی مەکتەبی سیاسی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بۆ پرۆتستۆکردنی دورخستنەوە و کۆچپێکردن و پشتگیرکردن لە ڕاپەڕینی ناوچەی شارەزوور لە 17ی مایسی 1987. ئەوە سەرباری بڵاوکردنەوەی ژمارەیەك بەڵگەنامەی دامودەزگاکانی ڕژێمی عێراق، کە لە ناویاندا وردەکاری باشی تێدا هەن[16].

ژیان و تێکۆشانی ئەو تێکۆشەر و پێشمەرگانەی خەباتیان لە پێناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا کردووە و گیانی خۆیان بەخشیوە، لە گۆڤاری پێشەنگ بایەخی پێدراوە، بەمەش ژیاننامەی و مێژووی خەباتی بەشێکیان نووسراوەتەوە، بە تایبەتی ئەو پێشمەرگانەی لە نێو ڕیزەکانی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان خەباتیان کردووە و چوونەتە کاروانی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردەوە[17].

جێگای خۆیەتی بوترێت، گۆڤاری پێشەنگ بواری داوەتە بۆچوونە جیاوازەکان لە ڕێگای لاپەڕەکانییەوە لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان وەڵامی یەکتر بدەنەوە. وەك ئەوەی کەریمی حیسامی لە ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی و ڕەحیمی قازیش بە چەند تێبینییەك وەڵامی یادداشتەکانی نووری شاوەیس (1922-1983) یان داوەتەوە. جگە لەوەش لە بابەتێکی دیکەش وەڵامی کتێبەکەی فازل بەراك (مستەفا بارزانی ئەفسانە و ڕاستی) دراوەتەوە. (حوسامی، 1984، ل ل11-13؛ قازی، 1986، ل ل29-33؛ بەفرین، 1990، ل ل18-19).

لە گۆڤاری پێشەنگدا ڕۆژ ژمێری ڕووداوە مێژووییەکانی تایبەت بە مێژووی گەلی کورد بەتایبەتی ئەو مانگانەی، کە گۆڤارەکەی تێدا دەرچوون نووسراون، بەمەش لەژێر ناونیشانی ڕۆژە نەمرەکان، ڕۆژژمێری کوردستان، ڕۆژژمێری پێشەنگ، بڵاوکراونەتەوە. (ڕۆژە نەمرەکان، 1984، ل ل6-7؛ ڕۆژمێری کوردستان، 1984، ژمارە 6، ل30؛ ڕۆژمێری کوردستان، 1984، ژمارە 7، ل32؛ ڕۆژمێری پێشەنگ، 1985، ل34، پێشەنگ، ل ل 40-41).

### 4. بارودۆخی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لە گۆڤاری پێشەنگدا

وەك وتمان گۆڤاری پێشەنگ لە بارودۆخێکدا دەردەچوو، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بەردەوام بوو، بەمەش لە لایەك پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد خەباتکردنیان دەکرد، لە لایەکی دیکەش دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەسەر سەرکوتکردنی گەلی کورد بەردەوام بوون. ئەوە سەرباری ئەوەی کوردستان کەوتبووە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی ناوچەکە.

ئاشکرایە، گۆڤاری پێشەنگ لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندن پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەکرا، بەهۆیەوە بەشێك لە چالاکییەکانی ئەو قۆناغەی پارتەکەی گواستۆتەوە. بەمەش لە بابەتێکدا ئاماژەی بە چالاکی ڕێکخستنەکانی ناوەوەی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان کردووە، کە لە مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی 1982 لە ناوچەکانی دهۆك، موسڵ، بەغدا، زاخۆ، ئامێدی، بامەرنێ، گوند و کۆمەڵگاکان ئەنجامیان داوە و تێیدا هەڵساون بە بڵاوکردنەوەی دروشم و بەو هۆیەشەوە دامودەزگاکانی ڕژێمیان هەراسان کردووە. لە لایەکی دیکەوە هەر لە بارەی کار و چالاکییەکان، لە بابەتێکی دیکەدا ئاماژە بەو چالاکییانە کراوە، کە پێشمەرگەکانی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکانی بادینان لە ماوەی مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی 1983 ئەنجامیانداوە (چالاکییەکانی پارتیمان دروشمەکانی ...، 1983، ل ل4-5؛ ڕژێمی فاشیزمی...، 1983، ل3).

لە دوای دەستپێکردنی جەنگی عێراق ئێران لە 22ی ئەیلولی 1980 جەنگی عێراق – ئێران[18]. لە گۆڤاری پێشەنگدا چەند بابەتێك لەسەر کاریگەرییەکانی ئەو جەنگ لەسەر کوردستان نووسراون. لە بابەتێکدا هاتووە، جەنگ بارودۆخێکی خراپی بەسەر گەلی کورددا هێناوە، لە کاتێکدا کورد لەو جەنگە هیچ بەرژەوەندییەکی نییە، چونکە لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و بەهێزکردنی شوێن پێگەی ئیمپریالیزمی جیهانییە لەسەر گەلە ئازادیخوازەکانی ناوچەکەدا، کە گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانە (عێراق...، 1983، ل ل6-8). لە لایەکی دیکەدا هاتووە لە دوای سێ ساڵ لە جەنگدا بارودۆخێکی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی خەڵك بۆتەوە، بەو هۆیەوە حکومەتی عێراق بەزۆر پارە لە خەڵك دەستێنێت، نرخی کەلوپەلەکان لە بازاڕەکان بەرزبۆتەوە و حکومەتیش ڕێژەی باجەکان لەسەر خەڵکدا زیاد کردووە (ڕژێمی فاشیزمی...، 1983، ل3). هەروەها لە بابەتێکی دیکەدا ئاماژە بە زیانەکانی جەنگەکە لەسەر ناوچەکە کوردییەکان کراوە، بە تایبەت کاتێك ساڵی 1983 بەشێك لە بەرەی جەنگی گواسترایەوە ناوچە کوردییەکان وەك حاجی ئۆمەران، پێنجوین، سنووری ناوچەکانی خانەقین، بەمەش ئاماژەی بە هێرشی فڕۆکەکانی ئێران بۆ ناوچەکانی سەید سادق و هەڵەبجە کردووە، بە گشتی نووسیویەتی جەنگەکە هیچ قازانجێکی بۆ گەلی کورد تێدا نییە، چونکە بە هۆیەوە ژمارەیەکی خەڵك کوژراون و بەشێکیش لە دێهات و ناوچە کوردییەکان بە هۆی هێرشەکانەوە سوتێنراون (ŞERÊ…,1983,p52).

شایەنی باسە، بە هۆی بەردەوامی جەنگ لە دوای تێپەربوونی شەش ساڵ گۆڤاری پێشەنگ نووسیویەتی:" **... لە بواری کوردستانیشەوە ئەو مەینەتیانەی تووشی دەبن هەموو کاتێك دوو ئەوەندەن، لە ناو هەر سێ یان چوار کورد یەکێکیان لە شوێنی خۆی کۆچ پێکراوە، لە ناوچەکانی سنووری و ناوچە نەوتییەکان و دەشتەکان لەگەڵ کۆچ پێکردنی چارەکە ملیۆنێك کەس بۆ دەرەوەی عێراق بە بیانوی ئەوەی ئەوانە لە ڕەچەڵەکدا ئێرانین، لەگەڵ هەموو ئەو شێوانەی کوشتن و بڕین ... ڕژێمی فاشی ڕەگەزپەرستیش گەلێك هونەری هێنانەوەتە کایەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، ... کەوتۆتە زیادکردنی گرتنی کەس و کاری خەباتگێران و توندکردنی ئابلوقەی ئابووری ئەو گوندانەی دەکەوتنە ناوچە ڕزگارکراوەکان بۆ ناچارکردنی دانیشتوانەکانیان ڕووبکەنە سەربازگە زۆرە ملێیەکان، ... لەوێشەوە لێیانخوڕن بۆ قادسیەکەی سەدام، یان بۆ هەڵگرتنی چەك لە دژی ڕۆڵەکانی گەلەکەیان لەژێر ناوی تازەیان بەتالیۆنە سوکەکان ..."** (شەڕی ئێران و عێراق ...، 1985، ل ل6-8).

وەك ئاشکرایە، لە ماوەی جەنگی عێراق - ئێراندا، چەندین جار فڕۆکەی هەردوولا کەوتوونەتە بۆردومانکردنی ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتری. گۆڤاری پێشەنگ لە بابەتێکدا ئاماژەی بە پەلاماردانی هێزە ئاسمانییەکانی عێراقی لە 9ی حوزەیرانی 1985 بۆ سەر ئۆردوگای زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە، کە بە هۆیەوە 140 کەس دەکوژرێن و 230 کەسیش برێندار دەبن (نۆی حوزەیران...، 1985، ل15).

سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرانبەر بە کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی لەو قۆناغەدا، بابەتێکەی دیکە لە گۆڤاری پێشەنگدا بایەخی پێدراوە. لێرەشدا کاتێك دێتە سەر باسکردنی مەترسییەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، دەسەڵاتدارانی عێراق زۆرێك هەنگاویان لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە گرتۆتەبەر. لەو چوارچێوەیەشدا باسی دەزگا هەواڵگرییەکان لە دەرەوەی وڵات کراوە، کە چۆن بە ئامانجی لێدان و نانەوەی ناکۆکی لە نێوان کوردەکان، بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و بە گەورە نیشاندانی دەزگا هەواڵگرییەکان، ناردنی سیخور بۆ ناو ڕیزی پارتە کوردییەکان، هەڵبەستن و بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان لەسەر ڕەوشت و ئابرووی خێزانی، هەڕەشەکردن و دەست درێژیی و هاندانی کوردەکان بە گەڕانەوەیان بۆ عێراق، کەوتوونەتە کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی کوردەکان (ڕسوابوونی ...، 1983، ل4-5).

شایەنی باسە، لە بارەی ڕەوشی ڕۆشنبیری کوردی لە بابەتێکدا ئاماژە بەو پێشکەوتنە کراوە، کە لە ماوەی (1970-1974) ڕۆشنبیری کوردی بەدەستی هێناوە، بەڵام هەر لەو بابەتەدا هاتووە ڕژێمی عێراق لە دوای پەیماننامەی جەزائیر لە 6ی مارتی 1975 بە گشتی و لە دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق – ئێران بە تایبەتی دەستکردووە بە ڕێگرێکردن لە پێشکەوتنەکان، بەمەش ماف و دەستکەوە ڕۆشنبیرییەکان و دامەزراوەکانی کەلەپووری نەتەوەی کورد بەدوور نەبوون لە هێرشەکانی ڕژێم، چونکە ڕژێم ئامانجی سەرەکی کەمکردنەوە و بێ ناوەڕۆك کردن و دواجار لە ناوبردنیانی هەبووە، ئەنجام لە ماوەیەکی زەمەنی کەمدا چەند هەنگاوێکی هەڵگرتووە وەك: هەڵوەشانەوەی کۆڕی زانیاری کورد [19] ساڵی 1979 و کردنی بە بەشێك لە کۆڕی زانیاری عێراقی، گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی لە ساڵی خوێندنی (1981-1982) بۆ شاری هەولێر و ناونانی بە زانکۆی سەلاحەدین، هەڵوەشاندنەوەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچەکانی کەرکوك و دهۆك و نەینەوا و خانەقین، لابردنی ئەو وانانەی پێوەندیان بە زمان و ئەدەبی کوردییەوە هەبوو، گواستنەوەی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدا بۆ کۆلێژی پەروەردە و کەمکردنەوەی ڕێژەی وەرگرتنی خوێندکاران تێیدا، زیندانیکردن و کوشتن و ڕاوەدوونانی ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کورد[20] و دواجار ڕاگرتنی کارەکانی یەکێتییەکە ساڵی 1982، سەرپەرشتیکردنی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە لایەن پیاوانی سەر بە ڕژێم[21]، ڕێگریکردن لە تیپە هونەری و شانۆگەری و مۆسیقییەکان بە هەڵسان بە چالاکی خۆیان (س.ع، 1984، ل ل18-22). ئەوە سەرەڕای خراپبوونی ڕەوشی خوێندن لە ناوچە کوردییەکان (عبدالسلام، 1986، ل ل19-23). بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕژێم لە ساڵی خوێندنی (1985–1986) دەستیکرد بە داخستنی خوێندنگا بنەڕەتییەکان لە دێهاتەکانی سنووری پارێزگای هەولێر، دهۆك، سلێمانی و کەرکووك بەبیانووی ئەوەی کەوتوونەتە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەت( RIJÎMA ŞOVÊNÎST…, 1986, p56).

وەك دەردەکەوێت خراپ مامەڵکردنی ڕژێم کاریگەری کردۆتە سەر ژیان خەڵکی، لەبەر ئەوەی لە بابەتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە لە سەرەتای مانگی ئابی 1984 حکومەت ڕێگای نەداوە خواردەمەنی بۆ دێهاتەکان بچێت، ئەوەش وایکردووە باوردۆخی دێهاتەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر بڕوات. لە بابەتەکەدا هاتووە ڕژێم لەو هەنگاوەی مەبەستییەتی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بدات، لەبەر ئەوەی دێهاتەکان پشتوانی سەرەکیین، لە لایەکی دیکەش مەبەستییەتی لەو ڕێگایەوە خەڵکی ناچار بکات ڕوو بکەنە شارەکان و ببن بە جاش. لەو بابەتەکەدا بۆ مان ڕوون دەبێتەوە بێکاری سەرتاسەری ناوچەکانی کوردستانی

گرتۆتەوە، یاسای کشتوکاڵ جێبەجێ نەکراوە، ئاغاکانیش بە ئارەزووی خۆیان هەژارەکانیان چەوساندۆتەوە. لە شارەکانیشدا هەر چەند ڕۆژ جارێك مەفرەزەکان بەناو شەقام و گەرەکەکاندا گەڕاون بۆ گرتنی خەڵك و کردنیان بە سوپای میللی، هەروەها ڕۆژانە ژمارەیەك لە ئەفسەرە ناڕازییەکان لەلایەن ڕژێمەوە لە سێدارە دراون، زیندانەکانیش پڕ بوون لە دەنگی ناڕازیی، ڕاپەڕینە خوێندنکارییەکان مانگی نیسانی 1984یش بە تەواوەتی سەرکوت کراون. ئەوە سەرباری ئەوەی هەر لەو ماوەیەشدا لە 26ی ئابی 1984 سوپا بە ئامانجی دەستگرتنەوە بەسەر ناوچە ئازادکراوەکان هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکانی دهۆك و زاخۆ (ڕاپۆرتی پەیامنێری ...، 1984، ل5-7).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، لە بارەی ڕەوشی شاری سلێمانی ساڵی 1984 گۆڤاری پێشەنگ لە ڕێگای نامەیەکەوە، کە لە سلێمانی بۆی نێردراوە، وێنەی بارودۆخی ئەو سەردەممەمان بۆ دەگوازێتەوە، کە تێیدا هاتووە ڕەوشی شارەکە خراپە و هێزە ئەمنییەکان بەردەوام دەست درێژی دەکەنە سەر خەڵك، کوشتن هەیە، لە سێدارەدان هەیە، خەڵکی لە سەربازی ڕادەکەن، بێ کاری زۆرە، دیاردەی جاشییەتی زۆربووە، ئینجا ئەوەش باسکراوە، هەموو ئەوانە لە کاتێکدا، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ماوەی ساڵێك دەبێت لەگەڵ حکومەت لە گفتوگۆدایە، کەچی لە بەرانبەر ئەوانەدا بێ دەنگە، بۆیە بەشی زۆری خەڵکەکە بێزارن و وەڕەیان بەرداوە (سلێمانی شارێکە ...، 1984، ل26).

خراپی ڕەوشی خەڵکی وەك چۆن لە دەرەوە خراپبووە، ئاواش لە ناو زیندانەکان خراپتر بووە، بۆیە لە بابەتێکدا هاتووە بەشی زۆری زیندانیان دەبێت چاوەڕی مەرگ بکەن (عەفلەقییەکان ...، 1989، ل ل14-15). هەروەها لە ڕاپۆرتێکی دزە پێکراوە ئەفسەرێکی عێراقیدا ئاماژە بە قەسابخانەیەکی گەورە کراوە، کە لە زیندانی ئەبوغرێب لە 12ی ئەیلولی 1984 بە دواوە بۆ ماوەی دە ڕۆژ ڕۆژانە نزیکەی پێنج سەد کەس لە زیندانییەکان براون و کوژراون، کە لە نێویاندا سەدان کوردی سەر بە لایەنە سیاسییە کوردییەکان هەن، لەگەڵ ژمارەیەك خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین لەبەر ئەوەی بەشداریان کردبوو لە خۆپێشاندان و ناڕەزاییەکان و نەبووبوون بە سوپای میللی (قەسابخانەیەکی ...، 1986، ل ل32-33).

بەرزبوونەوە دەنگی ناڕەزایی لە نێو شارەکانی کوردستان لە دەست ستەم و زۆرداری دەسەڵاتدارانی ڕژێم، زەمینەی دەستپێکردنی خۆپێشاندان و مانگرتن لە شارەکانی باشووری کوردستانی هێناوەتە پێشەوە، بەمەش لە دوای هێرشێکی بیست هەزار کەسی لە 23ی تشرینی یەکەمی 1985 بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، خۆپێشاندان و مانگرتنی لە شار و شارۆچکە و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستانی لێدەکەوێتەوە، لە گۆڤارەکەدا بە بابەتێك باسی لێوە کراوە (SERHIDAN GEL…, 1985, P59).

لە نیوەی دووەمی هەشتاکان بە دواوە، دەکرێت بوترێت هەنگاوە نامرۆڤایەتییەکانی ڕژێمی عێراق زیاتر بوون، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە حوزەیرانی 1987 کەوتە بۆردمانکردنی گوندەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی، هەولێر، کەرکووك و دهۆك. دواجاریش لە 16ی مارتی 1988 بە کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە تاوانەکانی گەیاندە لوتکە. گۆڤاری پێشەنگ لە دوو ژمارەدا ئاماژەی بە ڕووداوەکان و ئەنجام و کاردانەوەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا کردووە [22].

وەك ئاماژەکان بۆ کرد، خراپ مامەڵەکردنی دەسەڵاتدارانی عێراقی گەیشتۆتە لوتکە، هەر ئەوەش وایکردووە، لە ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان دەنگی ناڕەزای بەرز بێتەوە. لەو بارەیەوە لە بابەتێکدا ئاماژە بەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە کراوە، کە 13ی مایسی 1987 لە ناوچەی سەید سادق دەستپێکردووە، پاشان لە 14ی مایسی گەیشتۆتە هەڵەبجە و لە 19ی مایس لە ڕەواندز و دواجاریش لە 27ی مایسی سەرتاپای جەماوەری ناوچەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووك، دهۆك، زاخۆ، کۆیە و ناوچەکانی دیکە گرتۆتەوە، گۆڤاری پێشەنگ لە بابەتێکدا تێکڕایانی بە زنجیرەیەکی نەپساوە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد داوەتە قەڵەم (جەماوەری کوردستان...، 1987، ل17).

ترس و دڵڕاوکێی ڕژێمی عێراق لە پەرەسەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، وایکردووە لە دوای وەستانی جەنگی عێراق – ئێران ساڵی 1988 زیاتر دەستکراوەتر بێت لە بەرانبەر کورددا. بەمەش لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و تەبعیس، ساڵی 1989 خەڵکی قەڵادزێ و ناوچەکانی دەورووبەری ڕاگواستوون و لە کۆمەڵگای زۆر ملێیەکان نیشتەجێکردوون (قەڵادزێ ...، 1989، ل ل11-13؛ صدام حسين...، 1990، ل ل11-13).

شایەنی باسە، گۆڤاری پێشەنگ لە تاقە ژمارەکەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991، لە بابەتێکدا ئاماژەی بەو بارودۆخە کردووە، کە لەو ماوەیە لە باشووری کوردستان تێیدا هاتۆتە پێشەوە، هەروەها لە بابەتێکی دیکەشدا ئاماژە بە دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی لە چەند ناوچەیەکدا کردووە (باوکی فلاد، 1991، ل ل 8-12؛ گۆڕستانی ...، 1991، ل ل 15-16).

لە گۆڤاری پێشەنگدا، جگە لە باسکردنی بارودۆخی باشووری کوردستان بابەت لە بارەی ڕەوشی باکووری کوردستان نووسراون. لە وانە لە بابەتێکدا ئاماژە بۆ دوای کودەتاکەی 12ی ئەیلولی 1980 کراوە و نووسیویەتی:" **... لە کاتی هێرشی**

**پەلاماردانی ماڵەکان بە تایبەتی لە شارەکانی ئورفە و ماردین و گوندەکانی دەوروپشت لەبەر لێ تێك نەچونی ماڵەکان ڕژێم ماڵە کوردەکانی بە بۆیەی سپی ڕەنگ دەکرد، هێرشەکانی لە ناوبردن لە لیستەی کاری ڕژێم دایە و هەر هەوڵێکی بۆ هەڵکەوێت جێبەجێی دەکات، دەشێ لە ئافرەت و منداڵ و پیرمێرد و پیاوانی کورد لە هەر کاتێك بێت زۆر بە ئاسانی لە بەردەم ڕای گشتی جیهاندا گوللە باران بکرێن، ... بۆرژوای ئیتحکاری بەکرێ گیراو لە تورکیا شان بەشانی دیکتاتۆریەت بەردەوامە لە ڕێگای قەڵاچۆکردنی گەلی کوردی تورکیا"** (پارێزەر شەرف الدین...، 1982، ل ل17-18).

لە بابەتێکی دیکەدا هاتووە: دەسەڵاتدارانی تورك بە توندی کەوتوونەتە لێدان و زیندانیکردن و لە سێدارەدانی کورد. لەو چوارچێوەیەشدا لە 4ی مایسی 1983 دادگای سەربازی دیاربەکر بە تاوانی ئەوەی خەباتیان کردووە بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ (7) لاوی کورد دەرکردووە. جگە لەوەش لە 24ی مایسی 1983 (574) کورد براونەتە بەردەم دادگای سەربازی لە دیاربەکر، لە وێشدا فەرمانی لە سێدارەدان بۆ (35) یان دەرچووە، (28)یشیان بەندییەتی هەتا مردنیان بۆ بڕواتەوە، کە لە نێویاندا (10)یان تەمەنیان لە هەژدە ساڵ کەمترە. لە لایەکی دیکەدا هەر لەو بابەتدا هاتووە، فەرمانی بەندکردن لە سێ ساڵ تا سی و شەش ساڵ بۆ (333) کەسی تر بڕاوەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە، کە هەر ئەو دادگایە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ (44) کوردی دیکەش دەرکردووە. ئەوە سەرباری ئەوەی لە 21ی حوزەیرانی 1983 (17) لاوی کورد بە تۆمەتی تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتەکان و دامەزراندنی ڕێکخستنی نهێنی و خۆئامادەکردن بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری لە باکوور کوردستان براونەتە بەردەم دادگا و لە چاوەڕوانی مەرگ دان. لە بابەتەکەدا ئەوەش نووسراوە، کە هەر لە 21ی حوزەیران دادگای دیاربەکر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ (5) کورد دەرکردووە و (122) کوردشی خستۆتە زیندانەوە (وێنەیەکی ...، 1983، ل 6؛ Li Enqere…, 1983, p7).

لە بابەتێکی دیکەدا لە بارەی بارودۆخی زیندانیانی کورد لە تورکیا ئاماژە بە مانگرتنی زیندانیان کراوە، کە لە ئەنجامی خراپ مامەڵەکردنی کارەبەدەستان دەستیان پێکردووە. لەو بارەیەوە نووسیویەتی:" **پاش شەهیدبوونی 11 خەباتگێری کورد لە زیندانی دیاربەکر، مانگرتن تەشەنەی کرد و گەیشتە زیندانەکانی ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ و زۆر شاری تری تورکیا، 11ی نیسانی 1984، 226 زیندانی کە 26 کەس لە وان ئافرەت بوون، لە زیندانی میترس و لە زیندانی ساکمالسیلار لە ئەستەمبوڵ مانیانگرت لە خواردن، ئەو مانگرتنە شەست و نۆ ڕۆژی خایاند، لە ئەنجامدا چوار زیندانی لە برسا مردن ... ژیانی نۆزدە زیندانی تریش لە مەترسی دایە**" (مانگرتن ...، 1984، ل19).

هەر لە بارەی بارودۆخی باکووری کوردستاندا، لە بابەتێکی دیکەدا ئاماژە بە بارودۆخی خراپی ناوچە کوردییەکان کراوە، بەمەش پشتی بەستووە بە ڕاپۆرتی ڕێکخراوە جیهانییەکان وەك ڕێکخراوی لێبوردەیی وڵاتان، کۆمیتەی بەرگری لە مافی کەمایەتییەکان و ئەو ڕێکخراوانەی ئاگادار بارودۆخەکە بوون. لێرەشدا بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی ئەوان، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە ناوچەکانی باکووری کوردستان بە گشتی لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوون، ڕێژەی نەخوێندەواری گەیشتۆتە 77% بۆ پیاوان و 91% بۆ ئافرەتان، ناوچەکان بێ بەشکراون لە پرۆژەی پیشەسازی، ژمارەی خوێندنگاکان و ئاستی خوێندن زۆر نزمە، زمانی کوردی بە پێی یاسای ساڵی 1924 قەدەغەیە، هیچ بڵاوکراوەیەك بە زمانی کوردی بوونی نییە، تەنانەت جلوبەرگی نەتەوەیش یاساغە. پێشەنگ نووسیویەتی بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە بێت گەلی کورد لە تورکیا لە هەمان بارودۆخی خراپی بەر لە کودەتای ساڵی 1980 دەژیت (تورکیا و ...، 1984، ل ل12-13).

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سیاسەتی تورکیا و بەردەوامی خەباتی کورد لە بابەتەکانی گۆڤاری پێشەنگ ڕەنگیداوەتەوە وەك: گفتوگۆی شەش پارتی چەپ لە تورکیا و باکووری کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی 1984 بۆ شیکردنەوەی ڕەوشی سیاسی لە تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، کە ئەنجام ڕاگەیاندنی بەرەیەك لەژێر ناونیشانی "یەکگرتنی چەپ" بۆ خەباتکردن دژی فاشیزم و ئیمپریالیزم لە تورکیا و لە کوردستانی لێدەکەوێتەوە. هەروەها لە بارەی سەرهەڵدانی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1990 دانیشتوانی شارەکانی جزیرە و نسێبین، بە بەشێك لە شارەکانی دیکەی باکووری کوردستانیش بابەتێك نووسراوە (یەکگرتنی ...، 1985، ل ل15-16؛ جەماوەری شارەکانی...، 1990، ل 14).

لە ڕاستیدا، سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ساڵی 1976، ببوو بە مایەی مەترسی بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیا و عێراق، بەو هۆیەوە ساڵی 1979 ڕێککەوتنێك لە نێوان عێراق و تورکیا واژۆ دەکرێت، بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە تورکیا مافی ئەوەی هەبوو بە قوڵایی سی کلیۆمەتر سوپا و چەکدارانی خۆی بنێتە ناو خاکی عێراق. لێرەشدا کاتێك لە شەوی 26/25 مایسی 1983 هێزێکی تورکی هێرش دەکەنە سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری کوشتنی ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی بێ تاوان، کە پەنایان بردبووە بەر ئەشکەوت و شاخە سەختەکانی ناوچەکە، لە گۆڤاری

پێشەنگدا بە وردی لە بارەی هێرشەکە و زیانەکانی و هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی عێراقی نووسراوە (یەکگرتنی ...، 1983، ل ل 4-6؛ MESELA KURDi...1983, p4). هەروەها لە بابەتێکی دیکەشدا ئاماژە بۆ هێرشێکی تری تورکیا لە 15ی ئابی 1986 بۆ سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان کراوە (هێرشی درندانەی ...، 1986، ل ل18-19). دواجاریش بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ساڵی 1987 لە بابەتێکدا ئاماژە بە کاریگەری پێوەندییەکانی عێراق و تورکیا لەسەر کوردستان کراوە (ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی ...، 1988، ل ل 14- 19).

**ئەنجام**

1. گۆڤاری پێشەنگ دید و تێروانینی بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، دید و تێروانینێکە کاریگەری بیری چەپی بەسەرەوەیە، بەمەش ئەوە بە ڕوونی لە گۆڤارەکە دەردەکەوێت، کە لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینزم شیکردنەوەی بۆ ئەو قۆناغە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد کردووە.
2. گۆڤاری پێشەنگ لای لە بەشێکی باشی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد کردۆتەوە، بەمەش ژمارەیەکی بەرچاو لە بابەتی مێژوویی تێدان و دەتوانرێت وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی سوود لە بابەتەکان وەربگیرێت.
3. گۆڤاری پێشەنگ لەبەر ئەوەی لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان دەرچووە، وێنەی بەشێك لە خەبات و چالاکییەکانی پارتی گەلی گواستۆتەوە، چالاکی لایەنەکانی دیکەی فەرامۆش کردووە.
4. لە ڕێگای بابەتەکانی ئێو گۆڤاری پێشەنگدا دەتوانرێت زانیاری لە بارەی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان و سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە تایبەتی عێراق و تورکیا بەرانبەر بە کورد بەردەست بخەین.
5. وێرای ئەو بایەخ و گرنگییە زۆرەی گۆڤاری پێشەنگ بە بابەت مێژووییەکان و وێناکردنی باری ئەو سەردەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، کەچی لە بارەی بارودۆخی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بابەتی تێدا نابینرێت و، سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئێران و سوریای بەرانبەر بە کورد تێدا باس نەکراوە.

**پەراوێزەکان**

(1) بۆ زانیاری لە مەڕ دامەزراندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و ڕۆڵ چالاکییەکانی بڕوانە: (یوسف، 2017، ل ل52 دواوە).

(2) عوسمان گۆرون، ناوی تەواوی عوسمان حمە ڕەشیدە، ساڵی 1955 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی لە زانکۆی دیمەشق تەواوکردووە، کادیری پێشکەوتووی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بووە. ناوبراو لە ژمارە (1 - 15) سەرپەرشتی بەشی شێوەزاری سۆرانی گۆڤاری پێشەنگی کردووە و ژمارەیەك بابەتی بەبێ ناو و ژمارەیەك بابەتیشی بە نازناوی گۆرون، چالاک، دابان، دارا، دارا رەشید، هەرێم و ئاوات نوسیووە. لە ئێستاکەدا گۆرون ئەندامی مەکتەبی بیر و هۆشیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و لە سلێمانی نیشتەجێیە. (گۆرون، 2ی نیسانی 2020).

(3) بێستون بەرواری، ناوی تەواوی ساڵح پیرموسایە، ساڵی 1957 لە قەزای شێخان لە دایکبووە، ساڵی 1973 بۆتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ساڵی 1976 لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری پێوەندی بە ڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە. لەگەڵ دامەزراندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان چۆتە ڕیزەکانییەوە. ساڵی 1982 چۆتە دیمەشق و ڕۆڵی دیاری لە دەرچووانی گۆڤاری پێشەنگ بەتایبەت بەشی کرمانجی بینیوە، ساڵی 1989 لە کۆنگرەی دووەمی پارتی گەل بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ساڵی 1992 چۆتە دەرەوە و ئێستاکە لە وڵاتی سوید دەژی. (بەرواری، لە 20ی مارتی 2020).

(4) فوئاد عەبدولڕەحمان عومەر، ساڵی 1955 لە سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی لە زانکۆی وێلز تەواوکردووە، ئەندامی یەدەگی لیژنەی ناوەندی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بووە، بەمەش بەردەوامبووە تا هەڵوەشانەوەی پارتی گەل ساڵی 1992. ناوبراو لە گۆڤاری پێشەنگدا لە ژمارە (1 -8) ڕۆڵی کاریگەری بینیوە و ژمارەیەکی بەرچاوی لە بابەتەکانی گۆڤارەکەی نووسیوە و ئامادەی کردوون. فوئاد عەبدولڕەحمان ئێستا لە وڵاتی بەلجیکا دەژیت. (عومەر، 2ی نیسانی 2020).

(5) ڕێکار ئەحمەد، ناوی تەواوی ناسح ئەحمەد عزیزە، ساڵی 1964 لە دایکبووە، کۆلێژەی ئەندزیاری بەشی کارەبای لە زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردووە و ماستەری هەیە لە ڕاگەیاندن. ناوبراو ساڵی 1977 پێوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، دواتر چۆتە ڕیزەکانی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و بۆتە بەرپرسی ڕاگەیاندن و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن و ماوەیەکیش بەرپرسی لقی هەولێر بووە. ساڵی 1987 ئەرکی سەرپەرشتیکردنی بەشی شێوەزاری سۆرانی گۆڤاری پێشەنگی گرتۆتە ئەستۆ، بەمەش جگە لە ناوی ڕێکای ئەحمەد بە ناوی خوازراوی: باوکی فلاد، ب. فلاد، س.ع، سنوور عەزیز، ن.ئەحمەد، ب. مستەفا، پێشەنگ و نەشمیل چەندین بابەتی لە گۆڤاری پێشەنگ نووسیوە. ناوبراو لە دوای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی ماوەیەك نوێنەری پارتی گەلی بووە لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی. ساڵی 1989 لە کۆنگرەی یەکگرتنی نووسەران وەك دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردراوە و تا ساڵی 1991 تێیدا ماوەتەوە. ساڵی 1992 لە کۆنگرەی یەکگرتنی پارتی گەل، حیزبی سۆسیالیست و پاسۆك، وەك ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە و ئەرکی بەرپرسی دەزگای دارایی و سەرپەرشتیاری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی پێسپێردراوە. ئابی 1993 لەگەڵ هاوڕێکانی حیزبی ڕزگاریی کوردستان یان ڕاگەیاندووە، ئێستاکە سکرتێری گشتی ئەو پارتەیە. (ئەحمەد، 5ی نیسانی 2020).

(6) لە ژمارە 12ی گۆڤاری پێشەنگ بە دواوە ئاماژە بە ئەدرێسێك لە وڵاتی سوید كراوە. ئەوەش ناونیشانی دكتۆر مەجید جەعفەر نوێنەری پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان بووە لە وڵاتی سوید. لەو ڕێگایەوە نووسەرەكانی دەوەرە بابەتەكانیان بۆ گۆڤاری پێشەنگ ناردووە. (گۆرون، 2ی نیسانی 2020).

(7) ڕێكار ئەحمەد لە نامەكەیدا بۆ توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، ژمارەی (21)ی گۆڤاری پێشەنگ بەر لە ڕاپەڕین ئامادەكرا و ڕەوانەی سوریا كراوە، بەڵام ونبووە، ناوبراو لە بارەی ونبوونی نووسیویەتی نازانم لە ڕێگا ونبوو، یان هەڤاڵانی نووسینگەی شام فەوتاندیان، بۆیە ناچار بووین ژمارە (21)مان دووبارە چاپكردووە، بۆیە زۆر لە بابەتەكانی لەوەی پێشووتر، كە بۆ چاپ ڕەوانە كرابوو جیاواز بوو. (ئەحمەد ، 5ی نیسانی 2020).

(8) بەرەی نیشتمانی دیموكراتی عێراقی (جود)، كە لە 28ی تشرینی دووەمی 1980 دامەزرا، سەرەتا لایەنە بەشداربووەكانی بریتیبوون لە: پارتی دیموكراتی كوردستان، حیزبی سۆسیالیستی كوردستان، حیزبی شیوعی عێراق، بەڵام دواتر ساڵی 1982 پارتیی سۆسیالیستی كوردستان – پاسۆك و دواتریش لە 8ی تشرینی دووەمی 1984 هەر یەك لە پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان، پارتی سۆسیالیستی عێراق و تەجەموعی دیموكراتی عێراق چوونە ڕیزەكانی ئەو بەرەیەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەرەی جود و چالاكییەكانی بڕوانە: (سمایل، 2009، ل ل 23-36).

(9) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ گفتوگۆی نێوان یەكێتی نیشتمانی كوردستان و ڕژێمی بەعس بڕوانە: (ئۆمەر، 2010، ص ص503- 580).

(10) بۆ زانیاری لە بارەی ناوەڕۆكی بابەتەكان بڕوانە: (مانگی ئەیلول، 1982، ل42؛ باوكی ئالان، 1983، ل3؛ بەرەو یادی چل ...، 1985، ل ل13-14؛ ڕەشید، 1987، ل ل30-34؛ ŞOREŞA DÊRSM, 1988, pp56-59؛ یادێكی مێژوویی...، 1990، ل ل28-33؛ توەحودی، 1991، ل ل 26-31).

(11) بۆ زانیاری لە بارەی ناوەڕۆكی بابەتەكان بڕوانە: (كورد لە ئەفغانستان، 1983، ل17؛ نوفوستی، 1983، ل39؛ SADIQOV, 1984, pp39-40؛ كورد، 1985، ل ل 12-16؛ ئەحمەد، 1989، ل ل 33-34؛ نامەی كوردەكانی...، 1989، ل ل21-22؛ یٚ. پچێلینا، 1989، ل ل 33-40؛ باوكی فلاد، 1990، ل ل34-37).

(12) بۆ زانیاری لە بارەی ناوەڕۆكی بابەتەكان بڕوانە: (لازارێڤ، 1984، ل ل2-5؛ ڕۆشنبیرێك...، 1984، ل ل5 -7؛ میری كوجار، 1986، ل ل 42- 46؛ BI NWÎKAR, 1987,pp71-72؛ محویان، 1987، ل ل35-42؛ میری كوجار، 1987، ل ل44-49؛ H.HoLÎ, 1986,pp 54-58؛ HELKEFTINA…, 1986, pp 34-35؛ زگیرسكی، 1989، ل ل 28-30؛ KEÇA KURD, JIN Û…, 1987, p70.).

(13) بیرەوەرییەكانی نووری شاوەیس بە حەوت زنجیرە لە ژمارە (2-8) لە گۆڤاری پێشەنگ بڵاوكراوەتەوە بە تێكڕا بیست و حەوت لاپەڕەی گۆڤارەكەی گرتووە. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بیرەوەرییەكانی نووری شاوەیس بڕوانە: (ژمارە 2-8 گۆڤاری پێشەنگ).

(14) بۆ زانیاری بڕوانە: (پێشرەو، 1985، ل ل8-11؛ نامەیەك لە...، پێشەنگ، 1987، ل 50؛ بەسەرهاتی ...، 1989، ل ل 10-22؛ دوانامەی...، 1989، ل ل 42-43؛ دایكی كوردۆ، 1989، ل ل45-46).

(15) بۆ زانیاری لە بارەی ناوەڕۆكی دیمانەكان بڕوانە: (چاوپێكەوتنێ ...، 1982، ل ل 11-14؛ بەبۆنەی یادی چل...، 1985، ل ل 29-33؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ شاعیر...، 1986، ل ل24-28؛ هەڵوەستەیەك لەگەڵ...، 1987، ل ل22-23؛ چاوپێكەوتنێك لەگەڵ...، 1988، ل 4؛ چەلكی، 1990، ل ل 53-59؛ ب. فلاد، 1990، ل ل 34-40؛ كوردێكی پاكستان...، 1991، ل ل 17-18؛

ÇAVPÊKETINEK LI …, 1984, pp48-49; MAMOSTA **OSAMAN SEBRÎ…,** 1984, pp42-43 ÇAVPÊKETINEK LI GEL HUNERMEDÊ …, 1984, p45-48; ÇAVPÊKETINEK LI GEL HAVAL EHMED RÊBAZ…, 1985, PP51-54; AMED, KANDAL…, 1989, PP10-22; HEVPEYVÎN DIGEL…, 1989, p47-49 ).

(16) بڕوانە: ( دەقی بەیاننامەی ...، 1983، ل1؛ بەیاننامەیەكی ...، 1986، ل ل 7-9، بەیاننامەی ...، 1986، ل ل18-19؛ ڕاگەیاندنی...، 1987، ل ل5 -9؛ ڕژێمی صدام ...، 1989، ل ل 22- 23).

(17) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ ئەو بابەتە بڕوانە: ( لە ئەستێرە ...، 1982، ل ل26-27؛ لە ئەستێرە ... ، 1983، ژمارە 3، ل29؛ لە ئەستێرە ...، 1983، ژمارە 4، ل ل 28-29؛ LI SER…, 1984, PP40-41؛ شەهیدانی ...، 1985، ل ل 8-10؛ سەلام، 1985، ل ل 35-36 ؛ لە ئەستێرە ...، 1986، ل47؛ لە ئەستێرە ...، 1988، ل20؛ پێشەنگ، 1989، ل45؛ مەلا طە، 1989، ل53؛ JI ŞEHÎDÊN…, 1989, p67).

(18) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ جەنگی عێراق – ئێران بڕوانە: (المغیر، 2015، ص ص 117 وما بعدها).

(19) كۆڕی زانیاری كورد وەك دەستكەوتێكی بەیاننامەی 11ی مارتی 1970، پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (996)ی كۆبوونەوەی 29ی ئابی 1970ی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش و بە پێی یاسای ژمارە (183)ی ساڵی 1970 لە 30ی ئابی 1970 هاتە دامەزراندن. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (شێرزاد، 1975، ل3).

(20) یەكێتی نووسەرانی كورد وەك ڕێكخراوێكی تایبەت بە نووسەرانی كورد لە 10ی شوباتی 1970 هاتە دامەزراندن و یەكەمین كۆنگرەی خۆی لە 23-24ی حوزەیرانی 1970 لە شاری بەغدا گرێداوە. بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ دامەرزاندن و چالاكییەكانی بڕوانە. (نەجار، 2019، ل 124-131).

(21) لە دوای نسكۆی ساڵی 1975 ڕژێم بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری كوردی و دەزگای هاوكاری بۆ چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردی هەڵوەشاندەوە، هەردوو كیانی كرد بە دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردی، خستییە ژێر دەسەڵاتی لایەنگرانی خۆیەوە. (الاتروشي، https://www.altaakhipress.com/viewart.php?art=63976).

(22) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو بابەت و بروسكە و نارەزاییانەی دەربارەی كیمیابارانكردنی هەڵەبجە بڕوانە: (بۆردومانیكردنی...، 1987، ل 10-11؛ گوندی مەلەكان...، 1987 ل 12-13؛ ناشتنی شەهید ئارام ...، 1987، ل14-15؛ تاوانەكانی ڕژێمی ...، 1987، ل16؛ جەماوەری كوردستان ...، 1987، ل17؛ حەمە، 1987، ل18-19؛ پەیامی هەڵەبجە، 1988، ل 4؛ پێشەنگ، 1989، ل ل 10-22؛ ب. فلاد. تراژیدیای ...، 1989، ل ل 17 -20؛ تیم كلسی، 1989، ل ل26-27).

## سەرچاوەكان

### نامە و پێوەندی تەلەفۆنی

1. بەرواری، بێستون،( 20ی مارتی 2020)، نامە بۆ توێژەر.

2. عومەر، فوئاد عەبدولڕەحمان، (2ی نیسانی 2020) پێوەندی تەلەفۆنی.
3. گۆرون، عوسمان، (لە 2ی نیسانی 2020)، پێوەندی تەلەفۆنی.
4. ئەحمەد، ڕێکار،(5ی نیسانی 2020) نامە بۆ توێژەر.

**نامەی ماستەر و تێزی زانکۆیی**

**أ. بەزمانی کوردی**

1. سمایل، سروە قادر (2009)، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستانی عێراق 12تشرینی دووەمی 1980- 2ی ئابی 1990 توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.
2. نەجار، هۆشەنگ ساڵح محەمەد شەریف، (2019)، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لە شار بەغدا 1958-1975 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە، تێزی دکتۆرا بڵاونەکراوە، بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
3. یوسف، یوسف محمد، (2107)، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان (1981-1992) ڤەکۆلینەکا مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی دهۆك.

**ب. بە زمانی عەرەبی**

1. المغير، اسلام محمد عبدربه، (2015)، الحرب العراقية الايرانية 1980-1988، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم التاريخ والاثار، كلية الاداب، الجامعة الاسلامية – غزة.

**وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی**

1. ئۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین، (2010)، بارودۆخی کوردستان لە ماوەی دانوستانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا (1983-1985) توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە، مجلة الاستاذ، العدد (113)، كلية ابن رشد جامعة بغداد.
2. شێرزاد، ئیحسان، (1975)، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.

**گۆڤار**

**یەکەم: بە پیتی عەرەبی**

1. ئەحمەد، قازی، (1989)، کۆچی کورد بۆ خوراسان، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (17).
2. ب. فلاد، (1990)، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا کەلیموللای تەوەحودی، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (20).
3. با تواناى هەموو دڵسۆزەکان بخرێتە کار لە پێناوی یەکگرتن و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی کوردی دا، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (2).
4. باوکی فلاد، (1990)، کوردانی ئازەربایجان چی یان لێ هات؟!، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (19).
5. باوکی فلاد، (1991)، لە کوردستان چ دەگوزەرێ، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (21).
6. باوکی ئالان، (1983)، ڕێگای ئازادی، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (4).
7. بەبۆنەی یادی چل ساڵەی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد مامۆستای خەباتگێر کەریمی حوسامی بۆ پەیامنێری پێشەنگ دەدوێ، (1985)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (10).
8. بەرەو یادی چل ساڵەی کۆماری مەهاباد، (1985)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (8).
9. بەرەو یەکگرتنی نیشتمانی، (1987)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (13-14).
10. بەسەرهاتی پێشمەرگەیەك ڕۆژی 1988/11/21، (1989)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (16).
11. بەیاننامەی پارتە کوردستانییەکان دەربارەی دەستدرێژییەکەی تورکیا، (1986)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (12).
12. بەیاننامەیەکی هاوبەشی یانزە پارتی کوردی، (1986)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (11).
13. بۆردومانیکردنی کوردستان بە چەکی کیمیایی، (1987)، پێشەنگ، ژمارە 13-14.
14. پارێزەر شەرف الدين قايا دەربارەی کوردستانی تورکیا دەدوێت، (1982)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (1).
15. پەیامی هەڵەبجە، (1988)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (15).
16. پێشرەو، (1985)، قۆناخمان هەر چوار پارچەی کوردستانە، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (10).
17. پێویستە خەبات بکرێ لە پێناوی گێڕانەوەی پیرۆزی بۆ کێشەی گەل و نیشتمان، (1985)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (8).
18. پێویستی بەرەیەکی نیشتمانی کوردستانی، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (7).
19. تاوانەکانی ڕژێمی فاشیستی سەدام دژی کوردستان بێ سنوورە، (1987)، پێشەنگ، ژمارە 13-14.
20. تورکیا و درۆ و دەلەسەی گەڕانەوە بۆ ژیانی دیموکراتێتی، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (5).
21. تەوەحودی، کەلیموللا ، (1991)، ڕاپەڕینی خوداوێردی لە خوراسان، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (21).
22. تیم کلسی، (1989)، جەنگ بە چاوی منداڵانی کورد، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (18).
23. جەماوەری شارەکانی باکووری کوردستان ڕاپەڕیوە، (1990)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (19).
24. جەماوەری کوردستان بەگژ جەللادەکانیا دەچێتەوە، (1987)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (13-14).
25. چالاکییەکانی پارتیمان دروشمەکانی پارتیمان بە شارەکاندا بڵاودەبێتەوە، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (2).
26. چالاکییەکانی پارتیمان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، (1982)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (1).
27. چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر و نیشتمانپەروەری گەورەی کورد هەژار، (1986)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (11).

28. چاوپێكەوتنێ لەگەڵ هەڤاڵی تێكۆشەر كەمال بوكای، (1982)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (1).
29. چاوپێكەوتنێك لەگەڵ مامۆستا دڵزاری شاعیر، (1988)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (15).
30. چەلكی، ادریس، (1990)، سەیدا شێخ طە مائی دچاڤپێكەڤتنەكا تایبەتی دا د گەل پێشەنگ، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (19).
31. چەند بۆچوونێك لەمەڕ ستراتیژێكی نوێ ی كورد، (1990)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (20).
32. ح. بەفرین، (1990)، نامەیەكی كراوە لەسەر كابرایەكی فاشی، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (19).
33. حمو، (1983)، مەسەلەی كورد و مافی میللەتان بۆ دیاری كردنی چارەنووسی خۆیان، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (4).
34. حوسامی، كەریمی، (1984)، ڕوونكردنەوەی مێژوویی، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (6).
35. حەمە، (1987)، ڕژێمی صدام لە كوردستان بوونێكی پوچەڵە، پێشەنگ، ژمارە 13-14.
36. دایكی كوردۆ، (1989)، نامەی ئافرەتێكی زیندانی، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (18).
37. دەروازەیەك بۆ خەباتی دیبلۆماسی، (1989)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (17).
38. دەقی بەیاننامەی هێزە نیشتمانییەكان، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (2).
39. دەنگی پێشەنگ، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (5).
40. دوانامەی چەند قارەمانێكی گولەباران كراو، (1989)، وەرگێرانی جمال محمدامین، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (17).
41. دەستەی نووسەران، (1991)، وتەیەكی پێویست، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (21).
42. ڕاپۆرتی پەیامنێری گەل و پێشەنگ پاش گەڕانێكی دوور و درێژ بە كوردستان دا، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (7).
43. ڕاپۆرتی ڕێكخراوەی لێبوردەیی نێودەوڵەتی ساڵی 1987 دەربارەی عێراق و توركیا، (1988)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (15).
44. ڕاگەیاندنی هاوبەشی ڕێكەوتنی دوقۆڵی نێوان یەكێتی نیشتمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان، (1987)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (13-14).
45. ڕژێمی صدام بەم شێوەیە شەڕی كورد قران و بە سوتمان كردنی كوردستان پەیرەو دەكات، (1989)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (16).
46. ڕژێمی فاشیزمی عێراق خوێنی ڕۆڵەكانی گەلەكەمان دەمژێ، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (4).
47. ڕسوابوونی چەند بەكرێ گیراوێكی ڕژێمی خوێنمژی عێراق لە سوید، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (4).
48. ڕەشید، دارا ، (1987)، ئاوڕدانەوەیەك لە كوردستان و شۆڕشەكانی شێخ مەحمود، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (13-14).
49. ڕۆژمێری پێشەنگ، (1985)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (9).
50. ڕۆژمێری كوردستان، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (6).
51. ڕۆژمێری كوردستان، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (7).
52. ڕۆژە نەمرەكان، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (5).
53. ڕۆشنبیرێك لە كوردستانی ئێران، (1984)، لێكۆڵینەوە لە كارەساتی كوردستان، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (7).
54. زگیرسكی، دیمتری، (1989)، كوردستان مێژوویەكی بێ جوگرافیا، وەرگێرانی: هۆشەنگ، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (18).
55. زیاتر پتەوبوونی بەرەی نیشتمانی دیموكراتی (جود) بە چوونە ریزی پارتمان و پارتی سۆشیالیست عێراق و تەجەموعی دیموكراتی عێراق بۆ ناو ئەو بەرەیە، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (7).
56. س.ع، (1984)، چەوساندنەوەی ڕۆشنبیری كوردی لەژێر سایەی فاشیزم لە عێراق دا، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (5).
57. سڵاو لە پارتی پێشڕەومان لە یادی دووەمی دامەزراندنیدا، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (3).
58. سلێمانی شارێكە مل كەچ ناكات، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (7).
59. سەلام، (1985)، لە یادی قارەمانێكی نەمردا، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (9).
60. شاوەیس، نوری، (1983)، لە بیرەوەرییەكانم، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (2).
61. شاوەیس، نوری، (1983)، لە بیرەوەرییەكانم، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (3).
62. شاوەیس، نوری، (1983)، لە بیرەوەرییەكانم، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (4).
63. شاوەیس، نوری، (1983)، لە بیرەوەرییەكانم، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (5).
64. شاوەیس، نوری، (1984)، لە بیرەوەرییەكانم، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (6).
65. شاوەیس، نوری، (1984)، لە بیرەوەرییەكانم، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (7).
66. شاوەیس، نوری، (1984)، لە بیرەوەرییەكانم، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (8).
67. شەڕی ئێران و عێراق پێ دەنێتە ساڵی شەشەمی، (1985)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (10).
68. شەهیدانی كوردستان شەهیدانی گەل، (1985) ، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (9).
69. صدام حسین لەگەڵ گیانی سەردەم ناگونجێ، (1990)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (19).
70. عبدالسلام، د. بلیغ، (1986)، خوێندن لەژێر چەپۆكی فاشیزمدا سیاسەتی ناوچە داخراوەكان و بێبەریكردن لە مافی خوێندن، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (11).
71. عەفلەقییەكان منداڵیش ئەشكەنجە و لە سێدارە دەدەن، (1989)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (17).
72. عێراق لە گێژاوی شەڕ وێرانكاریەكەدا، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (2).
73. فلاد (1989)، تراژیدیای گەلی كورد لە تەرازوی وێژدان و هەڵوێستی مرۆڤایەتیدا، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (17).
74. قازی، ڕەحیمی، (1986)، چەند تێبنیەك لەسەر بیرەوەرییەكانی نوری شاوەیس، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (11).
75. قەسابخانەیەكی گەورە لە زیندانەكانی ئەبو غرێب دا، (1986)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (12).

76. قەڵادزێی شەهیدان لە بەردەم سەرەنێزەی ڕاگواستندا، (1989)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (17).
77. کورد لە ئەفغانستان، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (4).
78. کورد، میر عبدالرحمن ، (1985)، کوردەکانی پاکستان، وەرگێڕانی: م.ك. باپیر، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (10).
79. کوردێکی پاکستان بۆ گۆڤاری پێشەنگ دەدوێت، (1991)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (21).
80. گوندی مەلەکان لە ژێر چڕەی دوکەڵی چەکی کیمیاویدا، (1987)، پێشەنگ، ژمارە 13-14.
81. گۆڕستانی بە کۆمەڵ دەدۆزرێنەوە، (1991)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (21).
82. لازارێڤ،( 1984)، کورد و مەسەلەی کورد، وەرگێڕانی: د. کەمال عەلی، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (5).
83. لەپێناوی ڕاگەیاندنێکی پێشکەوتووی ڕەسەن دا، (1982)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (1).
84. لە ڕاپۆرتی سیاسی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە، (1982)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (1).
85. لە کەلەپووری شۆڕشگێری گەلەکەمان، (1985)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (9).
86. لە کوردستانی عێراقدا کوشتن و ڕاگواستن هەر بەدەوامە، (1990)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (20).
87. لە ئەستێرە گەشەکانی کوردستان شەهید عەزیز ئەرزی، (1988)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (15).
88. لە ئەستێرە گەشەکانی کوردستان، (1986)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە(12).
89. لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی کوردوستان، (1982)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە 1.
90. لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی کوردوستان، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە 3.
91. لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی کوردوستان، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە 4.
92. مانگرتن لە زیندانەکانی ئەستەمبوڵ دا، (1984)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (6).
93. مانگی ئەیلول، (1982)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (1).
94. محویان، شاکرو. ح، (1987)، ئایدۆلۆیاژی بزوتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی کوردی هاوچەرخ، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (13-14).
95. مەلا طه، (!1989)، بیرهاتنا شەهیدێد دیاربەکرێ، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (17).
96. میر کوجار، (1986)، کورد و مەسەلەی کورد لە زانستی مێژوو لو تورکیا، وەرگێڕانی دابان، بەشی یەکەم، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (12).
97. میری کوجار، (1987)، کورد و مەسەلەی کورد لە زانستی مێژوو لە تورکیا، وەرگێڕانی: دابان، بەشی دووەم، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (13-14).
98. میللەتی کورد و مافی بەدیهێنانی چارەنووسی خۆی، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (2).
99. ناشتنی شەهید ئارام ی تەمەن یەك ساڵ و نیو وەك ناشتنێکی ڕەمزی بۆ گشت قوربانیەکانی جەنگی کیمیاوی، (1987)، پێشەنگ، ژمارە 13-14.
100. نامەی کوردەکانی ئەرمینیا بۆ گۆرباتشۆف، (1989)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (18).
101. نامەیەك لە زیندانەوە، (1987)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (13-14).
102. نەتەوەی کورد و مافی چارەنووس، (1985)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (10).
103. نوفوستی، (1983)، ڕۆشنبیری کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت دا، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (4).
104. نۆی حوزەیران ئۆردۆگاری زێوە، (1985)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (9).
105. هەڵوەستەیەك لەگەڵ پرۆفیسۆر میخائیل لازاریف، (1987)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (13-14).
106. هێرشی دڕندانەی تورکیا بۆ سەر کوردستان، (1986)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (12).
107. وتووێژ بەچی گەیشت!، (1991)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (21).
108. وێنەیەکی خوێناوی ڕژێمی دیکتاتۆری تورکیا، (1991)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (3).
109. ێ، پچێلینا ، (1989)، گەشتێك بە کوردستانی سۆڤیەتدا، وەرگێڕانی: رەشاد میران، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (18).
110. یادێکی مێژوویی لە میر محەمەدی سۆران، (1990)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (20).
111. یەکگرتنی چەپ گرتنەبەری ڕێگای ڕاستی خەبات، (1985)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (8).
112. یەکگرتنی فاشیزمەکان بۆ لێدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان، (1983)، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (3).


**دووەم: بە پیتی لاتینی**


1. AMED,(1989), KANDAL NAZAN JI PÊŞENGÊ RA DIPEYV, GOVARI PÊŞNG, JIMARE (16).
2. BI HELKEFTINA 80 SALÎYA MAMOSTA OSMAN SEBRÎ, (1986), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (12).
3. ÇAVPÊKETINEK LI GEL HAVAL EHMED RÊBAZ SIKERTÊRÊ (KUK_SE), (1985), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (8).
4. ÇAVPÊKETINEK LI GEL HUNERMEDÊ ŞOREŞGÊR ŞIVAN, (1984), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (7).
5. ÇAVPÊKETINEK LI GEL SEKRETÊRÊ GIŞTÎYÊ P.P.K.K HAVAL SERHAD DÎCLE, (1984), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (5).
6. H.HoLÎ,(1986), DR. ABDULLAH CEWDET1869-1932, GOVARI PÊŞNG, JIMARE (12).
7. HEVPEYVÎN DIGEL NIŞTIMANPERWER MIHSIN KITANI, (1989), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (16).
8. JI ŞEHÎDÊN NETEWEYÊ KURD DR.QASIMLO, MIHEMED ŞÊXO, PÊŞENG, JIMARE 17, TIRMEH 1989.
9. KEÇA KURD ‹JIN Û KOMELGEHÊN SERETAYÎ, (1987), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (13-14).
10. LI Enqere JIBLI Xwina Kurda ÇIDDI Helal NINE, (1983), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (3).

11. LI SER GORÊ ŞEHÎDÊ NEMIR KAWA, (1984), PÊŞENG, JIMARE (5).
12. MAMOSTA OSAMAN SEBRÎ JI BO PÊŞENG Ê DIPEYVE, (1984) , GOVARI PÊŞNG, JIMARE (5).
13. MESALA Kurdi Di ROJNAMEVANIYA ERABI Da, (1983), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (3).
14. MESELA KURDi Di beyana partên Komonistan u Karkeriyên Welatên Erebi da, (1983), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (3).
15. NWÎKAR, (1987),PÊCAÇÛNEK LI SER JINA KURD, GOVARI PÊŞNG, JIMARE (13-14).
16. RIJÎMA ŞOVÊNÎST 776 DIBIDTAN LA KURDISTANÊ DAXISTIN,(1986), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (11)
17. SADIQOV, HUSSYN HEMÎD, (1984), JI JIYANA KURDÊN QAZAXISTANÊ, GOVARI PÊŞNG, JIMARE (6).
18. ŞERÊ ÎRAN Û IRAQÊ Û ŞERÊN DIN LI KURDISTANÊ, (1983), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (4).
19. SERHIDAN GEL LI BAJÊRÊN KURDISTANÊ, (1985), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (10).
20. ŞOREŞA DÊRSM, (1988), GOVARI PÊŞNG, JIMARE (15).

**ماڵپەری ئەلکترۆنی**

1. الاتـــــروشي، فـــــوزي، دار الثقافـــــة والنشـــــر الكورديـــــة بـــــين ذاكـــــرتين، في موقـــــع (التـــــأخي)، انظـــــر: (https://www.altaakhipress.com/viewart.php?art=63976)، (ڕێککەوتی سەردانکردن 2020/3/30).

**الحركة التحررية القومية للشعب الكردية وانعكاساتها في مجلة بيشنك 1982 – 1991**
**دراسة تأريخية**

**احمد حمدامين اومر**
قسم العلوم الاجتماعية- كلية التربية الاساس- جامعة صلاح الدين-أربيل
Ahmad.ameen@su.edu.krd

**ملخص**

بعد استئناف الكفاح المسلح في جنوب كوردستان عام 1976، أولت كل الأحزاب السياسية الكرديية اهتماما بالغات بالنضال الصحفي، وفي هذا الإطار، حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني بعد تأسيسه في 1981/7/26، أصدر جريدة الشعب ومجلة بيشنك تحت إشراف المكتب المركزي للإعلام، مضامين موضوعات مجلة بيشنك، لاسيما التي كتبت بشأن تأريخ الحركة التحررية القومية للشعب الكردية وظروفها آنذاك موضوعات في غاية الأهمية، وفي هذا المضمار، ونظرا لعدم وجود بحث أكاديمي مستقل حول هذه المجلة ومضمونها، رأينا ضرورة كتابة هذا البحث.

البحث يتألف من مقدمة وأربعة محاور، واستنتاجات.

المحور الأول تناول نبذة عن عن مجلة بيشنك، وتناولنا فيه المشرفين عليها ومكان صدورها، وزمانها وأعدادها وثمنها وهدفها. وفي المحور الثاني، قمنا بالإشارة إلى نظرة المجلة للحركة التحررية القومية للشعب الكردية في هذه المرحلة. أما المحور الثالث، فوقفت عند المواضيع التي كتبت في المجلة بخصوص تأريخ الحركة التحررية القومية للشعب الكردية. والمحور الرابع تناول أوضاع كردستان آنذاك، في ضوء موضوعات مجلة بيشنك. وانتهى البحث بنتائج توصل إليها الباحث خلال هذا البحث.

**كلمات الدالة:** الحركة، التحررية، القومية، الكرد، بيشنك.

**The Kurdish National Liberation Movement and its Implications in Peshang Magazine (1982-1991)**
**A Historical Study**

**Ahmad Hamadameen Omar**
Social Sciences Department - College of Basic Education - Salahaddin University-Erbil
ahmad.ameen@su.edu.krd

**Abstract**

Following the resumption of the armed struggle in southern Kurdistan in 1976, all Kurdish political parties paid great attention to the journalistic struggle, and in this context, the Kurdistan Democratic People’s Party after its establishment on July 26/1981, issued the People's Newspaper and the Pésheng journal under the supervision of the Central Information Office , The contents of the topics of the Pésheng journal, especially those written about the history of the Kurdish national liberation movement and its circumstances at the time, are very important topics. Because there has been no study on this to the best of the researcher’s Knowledge, this paper was deemed necessary.

The paper consists of an introduction, four sections, and conclusions.

The first section deals with an overview of the Pésheng journal, in which the supervisors, the place of its publication, its time, numbers, price and purpose are presented.In the second section, the journal’s view on the Kurdish national liberation movement at this point is explained. The third section is devoted to discussing the topics that were written in the journal regarding the history of the Kurdish national liberation movement. The fourth section tackles the conditions of Kurdistan at that time in light of the topics of the Pésheng journal. The paper ended with the conclusions arrived at throughout the study.

**Keywords:** Movement , Liberation , National, Kurdish, Peshang.